# کەژاڵ ئادەمی:
# من خودام و شیعرەکانیشم مەخلوقمن

سازدانی: فەرمان - هەولێر

*کەژاڵ هەستی خۆی بۆ شیعرو مۆسیقا بەم شێوەیەی خوارەوە دەرئەبڕێت:*

**کوردستان راپۆرت:** سەرەتات چۆن بوو؟

**کەژاڵ ئادەمی:** یەکەم هەنگاوم بۆ دنیای ئەدەب، لە تەمەنی 8 ساڵاندا بوو کە بە خوێندنەوەی دیوانی مامۆستا قانع چومە ئەو دنیایەوە. لەگەڵ ئەوەی کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان خوێندن و نووسینی کوردیان لێ قەدەغە کردبووین، من خوێندن و نووسینی زمانی دایکی خۆم لە شیعرەکانی ئەو مامۆستا نیشتمانپەروەرەوە فێربووم و ئەو حەزو خۆشەویستییە بوو کە منی بەرەو نووسینی شیعر هاندا. هەر لە تەمەنی منداڵییەوە هەموو شادی و ناشادییەکانم دەهێنایە قاڵبی شیعرەوە و بەیانم دەکردن. هەڵبەت ناتوانم ناوی نووسراوەکانی ئەو سەردەمەم بنێم شیعر، باشترە بڵێم زایەڵەی دڵی کیژۆڵەیەکی تینووی فڕین بەرەو ئاسمانی ئەدەب. نوسینی شیعر لە مندا وردەوردە پەروەردە بوو گەیشتە قۆناغێک کە لە ئاستێکی سەرترەوە دەمڕوانییە شیعر. خویندنەوەی هەر شیعرێک دەبوو بە هۆی میلادی شیعرێکی نوێ لە ناخمدا و منی تینوی نووسینی شیعرێکی نوێ دەکرد. لە تەمەنی 16 ساڵان بەم لاوە، تیشکی تیژترم خستەسەر شیعرەکانم. شیعر بۆ من ئیدی بەس وشەی ناسک و سیحراوی نییە.

شیعر پەنجەرەیەکە لێوەی بە روانگەیەکی نوێ دەڕوانمە دنیاو مرۆڤەکان. شیعر بۆ من زمانێکە بۆ بەیانی راستییەکان و رۆچنێکە بۆ دیتنی رووناکی و رەشاییەکان. ئێستە ئیدی شیعر بەشێکە لە ژیانی من، هەروەکچۆن خەو و خواردن بەشێکە لە ژیانی مرۆڤەکان. ساڵی 2006 ژمارەیەک لە شیعرەکانم لە بەرهەمێکدا بەناوی "جوانترین وشە" تۆمار کرا. ساڵی 2007 بۆ یەکەمجار ژمارەیێکی دیکە لە شیعرەکانم لە شاشەی تیڤی بەدەنگی خۆم بڵاوبووەوە.

**کوردستان راپۆرت:** بۆچی ئێستا لەسەر بەرگی کتێبە شیعرییەکان وێنەی وروژێنەری سێکسی دادەنرێت، ئایا ئەوەبۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە شیعر ناوەڕۆکەکەی بەهای نەماوە؟

**کەژاڵ ئادەمی:** ئەم راستییە ناتوانین لەبیرکەین کە کۆمەڵگە و هەلومەرجەکانی کاریگەری راستەوخۆی لەسەر هونەر و ئەدەبی ئەو کۆمەڵگەدا هەیە، هەروا کە بە عەکسەوە هونەر و ئەدەبیش کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی نەریت و سیاسەتی کۆمەڵگەدا هەیە. گەر لە کۆمەڵگەیەکدا توندوتیژی دژی رەگەزی مێینە هەبێ، ژنی شاعیر گەرییهەوێ بە ئازادی باسی هەستی خۆی بکات، دەبێ چاوەڕوانی ئەوەش بکات کە بەر لۆمەو ئەزیەت و ئازار بدرێ. بەڕای من، ژنیش دەتوانێ وەک پیاو ئازاد شیعر بنوسێ، بەڵام بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پێویستە بوێرانە دەست بداتە قەڵەم. لە تاوان نەترسێت و قەڵەمی بکاتە زمانێک بۆ بەیانی ئەوین و ئازارەکانی کۆمەڵگەکەی و رچەشکێن بێت بۆ داهێنانی گۆڕانکاری. منێک کە شیعر دەنووسم خاوەنی بەرهەمەکانی خۆمم. ئەمن خودام و شیعرەکانیشم مەخلوقی منن، کەواتە ئازادی ئەوەم هەیە کە ئەو جۆرە کە مەیلم لێی بێت بیانخوڵقێنم و هیچ هێزێکیش ناتوانی پێشم پێ بگرێ.

**کوردستان راپۆرت:** پێتوانییە شیعرنوسین لە کۆمەڵگەی کوردی جۆرێک بێت لە تەمەڵی و بێکاری، بۆیەش زۆربەی گەنجەکان پەنا بۆ شیعر دەبەن و شیعری گەنجەکانمان تەنها بۆ خەڵەتاندنی بەرامبەرە؟

**کەژاڵ ئادەمی:** لەراستیدا من بۆ خۆم نەمدیوە لەسەر بەرگی کتێبی شیعر، وێنەی رووت دابنرێ، بەڵام گەروابێت، ئێمە دەتوانین لە دوو روانگەی جیاوازەوە لێکۆڵینەوەمان لەسەری بێت. روانگەی یەکەم، روانگەی ریکلام و بازرگانییە. وێنەی رووت سەرنجڕاکێشەرە، کەواتە بەکاردەهێنرێ بۆ خەڵەتاندنی جەماوەر. روانگەی دووهەم کە من بڕوام زۆرتر پێیەتی، ئەوەیە کە ئێمە وێنەیەکی رووت چۆن تەفسیر دەکەین. وێنەی رووت بۆ من نوێنەری هەستێکی رووت و عوریانە، هەر وا کە شیعر نوێنەری پاکترین و بێ پەردەترین و رووتترین هەستی شاعیرە، بەڵام لەوەدا کە شیعر ماناو ناوەڕۆکی نەماوە لەگەڵتان نیم. خوێنەرێ کە زانیاری لە بواری شیعرو ئەدەبدا ببێت، بێگومان شیعری راستەقینەی لە شیعری بێ ناوەڕۆک لێک دەکاتەوەو لە جیاوازییەکانیان تێدەگات، کەواتە هەرگیز وێنەی سەر بەرگی پەرتوکی شیعری نوێنەری ناوەڕۆکی شیعرەکانی نێو ئەو پەرتوکە نییە.

**کوردستان راپۆرت:** بەڕای تۆ هەستی دروستبوونی شیعر لە چییەوە سەرهەڵدەدات، بێکاری چ کاریگەرییەکی بەسەر ئەم دروستبوونەوە هەیە؟

**کەژاڵ ئادەمی:** من لەسەر ئەو باوەڕەم کە هەر کەسێ ناتوانێ شیعر بڵێت و بەهەر نوسراوەیەکیش ناتوانین بڵێین شیعر. شیعر تەنیا دەتوانێ لە ناخێکەوە بێتەدەرکە ئاوێتەی هەستێکی بەسۆز بێت. تەنیا قەڵەمێک دەتوانێ شیعری راستەقینە بنوسێ کە ئاشنای ئەوین و ئازاری کۆمەڵگەو مرۆڤەکان بێت. شیعرنووسین ئیشێکی سەهل و ئاسان نییە. شاعیر بۆ خوڵقاندنی شیعرێکی بەنرخ، دەبێ کات تەرخان کا، تێبفکرێ و لێکۆڵینەوەبکا لە سەر هەر کام لە و شانەکەلە شیعرەکەیدا بەکاری دێنێ کەواتە شیعر نووسین ناتوانێ جۆرێک بێت لە تەمبەڵی. دەڵێن شیعری گەنجەکانمان بۆ خەڵەتاندنی بەرامبەرە! یەک راستی هەیە کە هەمیشە وشەی جوان، مرۆڤ دەخەڵەتێنێ. هیچ بەشەرێک نییە رقی لە وشە و کەلامی جوان بێت. ئەوەی کە گەنجەکانمان بیانەوێ بە شیعر، بەرامبەرەکەیان بخڵەتێنن یا نا، دەگەڕێتەوە سەر پاکی و راستی خۆیان. هیوادارم کە شیعر هەمیشە بۆ مەبەستی جوان و پیرۆز بەکاربهێندرێ نەک بۆ فریودان.

**کوردستان راپۆرت:** دەوترێ ئافرەتانی شاعیری کورد لە نووسینی شیعردا پیاوانە شیعر دەنووسن نەک ئافرەتانە، تۆ چ دەڵێی؟

**کەژاڵ ئادەمی:** شاعیر بۆ نووسینی شیعر دەتوانێ لە هەموو شتێک کەڵک وەرگرێ، لە ئەشق، لە دەردی کۆمەڵگە، لە دیتنی دیمەنێکی جوان یا لە رووداوێکی تاڵ. نووسینی شیعر پێویستی بە کاتە. شاعیر پێویستی بە خەڵوەت و ئۆقرەییە. شاعیر لە کاتی خەڵوەتدا مێشکی ئازادترە و دەتوانێ هۆنراوەی جوانتر بخوڵقێنێ، بەڵام بەو مانایەش نییە کە شاعیرەکانی ئێمە هەموویان بێکارن. زۆرن ئەو شاعیرانەی کە جگە لە نوسینی شیعر، هەڵسوڕاو و چالاک لە زۆر لە بوارەکانی دیکەی کۆمەڵایەتیشدان. کەم نین ئەو دکتۆرو مامۆستای زانکۆو فەیلسوفانەی کە شاعیرن.

**کوردستان راپۆرت:** زۆرێک هەن کە دەڵێن کۆمەڵگەی ئێمە، چیتر پێویستی بەشیعر نییە، چونکە ئێستا تاکی ئێمە هەست و سۆزی خۆی لە واقیع سەرف دەکات نەک لە خەیاڵ؟

**کەژاڵ ئادەمی:** ئەدەبیاتی ژنان لە رابردوو تا ئێستا گۆڕانکاری زۆرو بەرچاوی بەسەردا هاتووە. ئێمە ئەگەر چاوخشانێکمان ببێت بەسەر ساڵەکانی 1800، دەبینین بۆ نمونە شاعیرێک وەک "مەستورەی ئەردەڵان"، شیعرەکانی هەموو پیاوانە و رێککەوتوو لەگەڵ یاسای پیاودا بوون، بەڵام شیعری ژنانی ئەم سەردەمە رەنگ و روویەکی دیکەی بەخۆوە گرتووە. ژنە شاعیری ئەمڕۆی ئێمە جەسورانەترو بوێرانەتر دەست دەدەنە قەڵەم، بەڵام هێشتاکو شیعرەکانمان ئەوروتییەی کە پێویستە ببێ، نییەتی. هۆکەشی لە پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم پێکرد.

**کوردستان راپۆرت:** لەسەردەمی عەولەمە، شیعر دەتوانێ چ بکات؟ ئایا دەتوانێ گۆڕانکاری لە هزری تاک بکات؟

**کەژاڵ ئادەمی:** من لەسەر ئەو بڕوایە نیم، شیعر بەس خەیاڵە و هیچی دیکە. شیعر زۆرجار بەیانی واقیعیەتە. هەندێک جاریش دەتوانێ پێشبینی واقیعیەتی داهاتوومان بکات، کەواتە نەک هەر کۆمەڵگەی ئێمە بەڵکو هەموو کۆمەڵگەیەک پێویستی بە شیعر هەیەو ئەم پێویستییەش پێموابێ هەر بەردەوام دەمێنێ.

**کوردستان راپۆرت:** دەوترێ هەرکەسێ لە ئامانجەکانی ژیانیدا شکستی هێنا، پەنا دەباتەبەر نووسینی شیعر؟

**کەژاڵ ئادەمی:** شیعر بۆ من، دنیای واقیعیەتەکانمە و تەنیا جێگایەکە هەموو وتەکانمی بێ کەموزۆر، ئەو جۆرەی کە لە دڵمدایە باسی دەکەم، کەواتە من بۆ پەنابردن بەر واقیعیەت شیعر دەنووسم نەک بۆ هەڵاتن لە واقیعیەت.

**کوردستان راپۆرت:** نەبوونی شیعرو نووسین چ فەراغێک لە ئەدەبدا دروست دەکات؟

**کەژاڵ ئادەمی:** هەموومرۆڤێک پێویستییەتی سکاڵاو دەردەدڵەکانی بە شیوەیەک هەڵبڕێژێ جا هەرکەس و بەشێوازێک. شاعیر ئەم سکاڵا لە ئامێزی شیعرەکانیدا دەکاو فرمێسکەکانی دەرێژێتە سەر شانی وشەکانی. ئەمە بەو مانایە نییە شاعیرەکانمان هەموو مەحزون و مەلول و بەدبەختن. شەرت نییە شیعر خەماوی بێت. شاعیرمان هەیە شیعری ئاشقانە دەڵێ، هیتر شیعری نیشتمانی دەڵێت، شاعیریش هەیە شیعری سیاسی دەڵێ. شتێک کە لە هەموویاندا دەبینرێ بەیانی واقعییەتەکانە و رەخنەگرتن لە بارودۆخی ئەو سەردەمەی کە شاعیر تێیدا دەژی. ئاواتی من ئەوەیە کە هەموو شاعیرەکانمان لەکاتی نووسینی شیعردا چاویلکەی رەخنەو شۆڕشگێڕانە لەچاو بکەن و هەوڵ بدەن بۆ خوڵقاندنی گۆڕانکاری. بۆیەش ئەوکاتە شیعرو شاعیر دەمرن کە ئەشق و خۆشەویستی مردبێ. گەر ئەشق و خۆشەویستیش بمرێ، دنیا بەردەوام نامێنێ، کەواتە نەمانی هونەرو ئەدەب ئاکامەکەی نەمانی هەستی مرۆڤایەتییە. هەر لەبەر ئەوەشە کە پێشبینیکردنی داهاتووی شیعر کارێکی دژوارە بۆم. پێموایە شیعری کلاسیک زۆرترو زۆرتر جێگای خۆی ئەدا بەشیعری نوێ. هۆکەشی لەوەدا دەبینم کە شاعیر لە شیعری نوێدا دەست و باڵی ئازادترە و پێویست ناکا هەستەکانی لە چوارچێوێکی تایبەتی شیعریدا بەیان بکات، کەواتە دەبێ ئاگامان لە شیعری کلاسیکی کوردی بێت و نەهێڵین نابود بێت. شیعر زۆر رازاوە دەبێت کاتێ شاعیر ئەو زانیاری و توانایی‌ەی ببێت کەهەموو هەستەکانی هەر ئەو جۆرەی کە لە شیعری نوێدا باسیان دەکا بیانهێنێتە چوارچێوەی شیعری کلاسیک و لەسەر وەزنێکی روونکراو بینووسێ. ئەم شێوازە شیعرنوسینە پێویستی بە توانایەکی تایبەتە کە دەبێ ئیشی بۆ بکرێ.

**کوردستان راپۆرت:** دەوترێ جۆرە شاعیرێک هەن کە شیعرەکانیان قۆرخ دەکەن؟

**کەژاڵ ئادەمی:** ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئێمە بە کێ بڵێین شاعیر. تا شاعیر زۆرتر بێت، چاودێری و خواستی ئێمەیش لە شیعر دەچێتە سەرترەوە، کەواتە بە ئاسانی بەکەس ناڵێین شاعیر.



*کەژاڵ ئادەمی ساڵی 1983 لە شاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە. لە ساڵی 1998ەوە، چووەتە هەندەران و لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە. لە تەمەنی 15 ساڵاندا دەستی بە ژەنینی ئامێری کەمان کردووە. لەپاڵ مۆسیقادا خەریکی شیعر نووسینیشە. بەرهەمی (جوانترین وشە) یەکەمین بەرهەمی کەژاڵە کە ساڵی 2006 دەرچووە و لە شەش گۆرانی پێکهاتووە.*

# بێ ناونیشان.. شیلان حەمۆ ئەو ژنە شاعیرەی کە بەدڵەکەی دەبینی

بەسام مستەفا
و: بۆتان لەتیف ماویلی

*- (شیلان حەمۆ) لەدایکبووی (1967)ی ناوچەی قامیشلۆیە.*
*- خوێندنی هەر لەو شارە تەواو کردووەو-لەپەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان دەرچووە.*
*- لە ژمارەیەک ماڵپەڕ و گۆڤاری کوردی، قەسیدە و وتاری بە هەردوو زمانی کوردی وعەرەبی نووسیوە.*

"بێ ناونیشان" یەکەمین کۆمەڵە شیعری عەرەبی ژنە شاعیری کورد (شیلان حەمۆ)یە کە لە دووتوێی بەرگەکەیدا کۆمەڵێک چامە و دەق و چنینەوەی هۆنراوەییانە لەخۆدەگرێ کە هاوێنە و وردەبینی شاعیری هەوایی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی، بە پێی ئەو هیواو ئومێدانەی کە دڵەکەی لەسەری هەڵچنیون، چنیونەتەوەو گرتوونیەتی. بەڕاستی ئەو کۆمەڵێک لە هیوابڕاوی و یادەوەری و ئومێد و کارتی داوای بۆندارە بە بۆنی پرتەقاڵ و یاسەمین بۆ بەشداریکردنی بەو پەژارەیەی کە لە سایەیدا دەژی و هەندی لە خواست و مەراقەکانی هەڵگرتوون. قەسیدەکانی ئەم کۆمەڵەیە زۆر کوورتن و لێکچوون بەو قەسیدە رۆشن و چەخماخەییانەی کە شاعیر دایناون بۆ گەیاندنی بیرۆکە و تاسە و سۆزە تێکشکاوەکەی بە خوێنەرانی. شاعیری ناودار (ئیبراهیم یوسف) لە پێشەکی ئەو پەرتووکەی کە بە (ئەم ژنە شاعیرە بەژن و باڵای خۆی کێشاوە و لەدەرگاکەی داوە) ناونیشانکراوە، نووسیویەتی (ئەم کۆمەڵە قەسیدەیە چەند دەقێکی کورت لەخۆ دەگری کە هاوێنەی دڵی چنیونیەتی و کۆی کردوونەتەوە کە دارشتنەوەکەی دووبارە کردۆتەوە، بەچڕوپڕی، بە گوشار، هەتا کرابی بە کەمترین وشە نووسراون). شیلانی شاعیری سەرگەردان، خاوەنی (41) ئازارو ئاوات وخۆزگە، دۆڕان وسەرکەوتن، درەوشانەوەو دەرکەوتن و رەنگپەڕین و بزرکانی رابردوو و شەرم ونەوێرانی دیوانەکەی تێپەڕاند، هەروەها ئەوەی کە ناونیشانی نییە و ئەو (دیوانەکەی) بێ ناونیشانە. لە تەواوکردنی تەلاری وڵاتەکەی ئەسپەتیژڕەو و خێراکەی تاوداوە لە زەوییەکی پڕپێچ وسەخت، بژێوێک لەسەر خەونە سادەکانی هەروەک دڵی و دەگەڕێ لە هێلانەکانی دڵە بچووکە پەڕاکەندەو هەمەجۆرەکەی، هەرچۆن بەڕاستی ئەگەر خەونەکان کە لە ناویدان ململانێ وکێبەرکێ دەکەن و گەز دەگرێ لە گۆشتی هەندێکیان کە بەجێماون بۆی، پارچە رازاوەکان بە هەواڵ و راگەیاندنەکانی ئیمپراتۆرەکان ودەوڵەتە شەیپوور و بەساڵاچووەکان. شیلان لەسەر خۆشەویستییەک دەنووسێ کە لە خۆشەویستی ئاسایی و باو ناچی. لەلای خەڵکی ئەوەی لەلایانە و لەلای شیلانە (مەم وزین) و (شیرین وفەرهاد) و بێجگە لەوانەش لە پاڵەوانانی داستان و حیکایەتەکانی کوردی، ئەوانەی رێیان ونکرد بێ ئەوەی بگەن بە هیچ ناونیشانێک و لێرەو لەوێ مردن بەبێ ئەوەی جێگیرو دامەزراو بن لە گەیشتن بەخۆشەویست وعاشقەکانیان، بەڵام چیرۆک و حیکایەتەکانیان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر و لە دڵێکەوە بۆدڵێکیتر دەگوازرێنەوە کە شوێنێکیان لە هەموو ماڵێکی کوردی هەیە پڕ بە ئازارو ئاوارەیی وکۆچەری. بەهارێک نییە بۆ شیلان، ئەو شاعیرەی کە زۆر گەڕاوە، بیابان بە بیابان بە دوایدا، مێرگێک نییە، بەڵکو زۆربەی قسەکان ئەوەی کە کۆتایی نایە و زۆر لە ماندوبوون بە جۆرێک کە بوونێکی بۆ نییە جگە لە ماندوبوونەکەی، هەروەک ئەوەی کە دروست بووە هەتا ماندووبێت کە ئەوە وەهمێکی ترە دەوێرێتە هەواڵ و راگەیاندنە رەنگاوڕەنگ وپۆشراوەکان بە تۆز وغوبار:

**ویست وخۆرسکێک دارووخا**
**پاییزەکەم سەوزەگیای لێ رواو**
**بەهارم هات، بەڵام لەکاتی خۆی نا**
**کۆتاییەکە بۆ شانۆگەریی**
**پەژارەکان.**

لەهەر شوێنێک لە دڵە خۆخۆرەکەی، ئەوەی گۆشەیەکە بە قەبارەی ئاسمان بۆ ئازارەکانی نیشتمانەکەی و گەلەکەی. هەڵەبجە دەچێتە ناو قەسیدەکەی بەبێ ئەوەی مۆڵەت وەرگرێ، لەبەرئەوەی هەموو دەرگاکان رەوانن بۆی و دڵیش نامۆ نییە لە پەژارە و خەم و هیچ شتێکی پێناگات جگە لە کۆست و لێقەومان. هەڵەبجە خەنجەرێکی تیژە لەبەر کەمەر و نێکی مێژوو و مرۆڤ. شیلانی بەسۆزو میهرەبان وەکو دڵەکانی دایکان دەگری لەسەر هەموو تاشەبەردێک لەهەڵەبجە، لەسەر هەموو دارێک، لەسەر هەموو منداڵێک نا کە مرد، بەڵکو خنکا لەسەر سینگی دایکی، لەسەر هەموو دایکێکی خنکاو لەسەر سینگی هاوسەرەکەی، لەسەر هەموو هاوسەرێکی خنکاو لەسەرسینگی بەرد. دوای ئەوەی شیلان رۆندکەکانی وشک دەبن، گیان لەسەر هەڵەبجە هاوارو بانگ ئەکات:

**گەشت بکە بۆلام منداڵەکەی سەدەی بیست**
**تار دەتکاتە گۆرانی و**
**شاعیرانیش قەسیدە.**

شیلان هەرگیز نانوێ وئەگەر نووستیش ئەوا دڵەکەی بەنیگەرانییەوە هەر بەئاگا دەمێنی، گەواڵە هەورەکە بڵاودەبێتەوەو شەپۆلدانەکانی کوچە و کۆڵانە سەرگەردانەکانیش. بەڕاستی ئەوە وەکو زایەڵەو زرنگانەوەیەکی یاسەمینی یان پرتەقاڵێک کە پڕدەبێ بە بۆنی دەمەوئێوارانی پەژارەو خەمەکەی. نا هەرجانتاکەی لەسەر شان نییە، بەڵکو ماڵەکەی و نیشتمانەکەشی، لەبەرئەوەی نابێتە خاوەنی ماڵێک یان نیشتمانێک هەروەک بەبیرو خەیاڵ ودالغەی دادێت لەساتێکداو جاروباریش بەڕاستی دەزانی. ناوێکی زۆری ژنانە گوزارشتی دێڕەکانی قەسیدەکانیەتی. وەکو رۆشنایی و بریسکاییەکانی ئەستێرەکان بەڵگەو نیشاندەری هەر یادەوەری وشارو خەونانێکن، بەڵام شیلان لەتەنگوچەڵەمە و زۆریی دەرقوڵینی ناوەکانی، ئەو تەنیا ناوێکی بڵاو و هەڵرژاوی ناو سەختی وپێچوپەنا گەورەترەکانی لەبیر دەکات و ونبوون ولەناوچوونە هەمیشەییەکەی. شیلان دەروون وناوی لەبیر دەکات بە جۆرێک هەر لەدایک نەبووە، دواتر سەرەڕای ئەمەش هەرگیز دڵەکەی ناوەستی ونەوەستاوە لەژیان، ژیانێک لەخۆی دەچێ، لە نیشتمانی دەچێ. یادگاریی رەنگپەڕیوی لایە وەکو رووخسارە رەنگپەڕیوەکەی و شارە رەنگپەڕیوەکانی و تەمەنە رەنگپەڕیوەکەی، پاڵپشت لەسەر ماندوبوون ودەردەسەرییەکانی لە بیابانی تەمەنە درێژەکەی و ئەستێرەی ئاوا لەیادەوەرییەکانی عیشق یان خۆشەویستێک کە ئاشکرا دەرناکەوێت:

**کۆچی کردو**
**دوو جگەرەی سووتاوی بەجێهێشت**
**هەتاکو کۆتایی.**

شیلان ون بوو بێ ئەوەی ئاڕاستەی سەرچاوەی کانیاوەکان بۆ رەگی دڵەکەی بزانێ. ببینە ئەو رقوکینە ئاشکرا دەکات و لە رەنگەکانیش رەنگی پاییز بەدەست دەخات. سەمای ئەو رەوایەتییانە دەکات کە بێهێزو لاواز بوون لەبەری. ئەوە بەئارامی و پەرواییەک نییە کە خەریک بوو چارەنووسی مردنەکەی بێنی؟ وشەکانی دەڕوێن لە دەروونە هێمن و دامەزراوەکانمان هەروەکو چیرۆکەکانی دایکانمان و باپیرانمان لەشەوانی درێژی زستان ودەنگی پووچ وگەندەڵمان لێ دوور دەخاتەوە، گەردەلوول و گێژەڵووکەکان دەنەڕێنن بۆ دڵتەنگکردن و بەگیرهێنان. هەوڵ دەدات کە یاسەمین و بەڕوومان پێ ببەخشێت، بەرامەو بۆنی ئەو ئێوارەیەش کە خۆشی دەوێت، بەڵام هەموو ئەوانە رێگاکە ون دەکەن وەکو خاوەنەکەیان، بە هەڵم دەبن هەروەکو دووکەڵ لە ئاسمانێکی دوور و لێیەوە شیلان ماندووبوون و بۆن وبەرامەی رۆژان و قسە زۆرەکانیمان پێ دەگات، بەڵام شیلان دەمێنی:

**تا ئێوارە**
**تا ئێستاش پەردەو چارشەڤەکانی**
**هۆنراوەیین**
**لە پشت کلاورۆژنەکەیەوە**
**چۆلەکەکان دەخوێنن.**
**لەسەر لق وتلەکانی بەڕوو.**

